# ئومێدی شێخ حسێن:
# لە نمایشی (لیدی مەکبەس)دا
# جوانییەکی تر دەبەخشێت بە باخچەکانی شانۆ!



ئومێدی شێخ حسێن، شارا کەریم و ئومێد لەتیف

ئامادەکردنی: **ئاسۆ باڵابەرز**

ئومێد لە چەند دێڕێکی شانۆییدا وتی: "یەکەم فێرگە و یەکەم خوێندنگەم بۆ ئاشنابوونم بەم ئەستێرە گەورە و پڕشنگدارە، پەیمانگای هونەرەجوانەکان بوو، یەکەم ژووانم لەگەڵ ئەم خۆشەویستەمدا لەو باخچە قەشەنگەدا بوو، ئیدی لەو ساتەوە و بێ پسانەوە بۆ یەک سات چییە لەو عەشقە دانەبڕاوم."

پتر لە «١٨» ساڵە لە شانۆدا کار دەکەم. ئەزموونم زۆرە لە نواندن و دەرهێناندا.

وەک ئەکتەر لە زیاتر لە «٤٥» نمایشی شانۆییدا ڕۆڵم بینیوە.

چوار جار بەشداریی شانۆی عیراقیم کردووە. لە پێنجەمین فێستیڤاڵی شانۆیی ئەزموونگەریی عیراقیدا بە شانۆیی (خەڵک و بەرد) نووسینی «عەبدولکەریم ڕەشید» و دەرهێنانی «ئیحسان عوسمان» خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرت.

لە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆکارانی سلێمانیدا ساڵی «١٩٩٣» بە شانۆنامەی «دەروێشەکان بە دوای ڕاستیدا وێڵن»، نووسینی «مستەفا حەلاج» دەرهێنانی هونەرمەند «حسێن میسری» خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرت.

ئومێدی شێخ حسێن، نە ناوێکی غەریبە و نە دەنگ و ڕەنگێکی ونە. ئومێد تەمەنێکە لەگەڵ شانۆدا بۆتە عاشق و شەوانە خەون بە جوانییەکانی شانۆ و بە جووڵەکانی نمایشەوە دەبینێت. ئومێد دەروێشانە چۆتە خەڵوەتی عەشقەوە و لە قووڵایی دەریای شانۆدا دەیەوێت مەلەیەکی هێمن، جووڵەیەکی داهێنەرانە پێشان بدات.

ژووانی عەشق لای ئومێد، ژووانە لەگەڵ شانۆدا، قسەیە لەگەڵ حەز و بەدیهێنانی خەونەکانی دوێنێیە لە نمایشەکانی ئەمڕۆدا.

ئومێد دوای ئەوەی وەک سەدان هونەرمەند و ئەدیبی تر نەیتوانی خەون و حەزەکانی لە نیشتمانێکدا بەدی بهێنێت کە دەنگی چەقۆ تێیدا گەورەترە لە دەنگی قەڵەم، ناچار کەشکۆڵی پێچایەوە و چەند پریاسکەیەکی لە (حەز و خەون و یادگاری و عەشقەکەی) دا بە کۆڵیدا و ئەوروپا و سوید بووە مەنزڵی نیشتەجێبوونی. بەڵام ئومێد وەک عاشقێکی تامەزرۆ بۆ خۆشەویستەکەی بێ دەنگ نەبوو، هەر سەرەتای ژیانی لە سوید کە لە (کەمپی پەناهەندەکان)دا بوو، لەو شوێنی ژیانە نەگونجاوەدا، بە دەورێکی کۆمبارس ئاسا لەگەڵ تیپێکی سویدیدا بەشداری کرد. دواتر دوای دامەزراندنی لە شاری ئۆرەبرو یەکسەر کەوتە هەوڵی کارکردن، هەرچەندە (زمان و شوێن و نامۆیی) و زۆر شتی تر بۆ کەسێک کێشەن کە سەرەتای ژیانیان بێ لە وڵاتێکدا کە هەموو شتێکی جودا بێت، بەڵام ئازایانە هاتە مەیدان و شانۆی (لیدی مەکبەس)ی کردە پڕۆژەی کارەوە، هەوڵ و گەڕان و دۆزینەوەی هونەرمەندیش بۆ کارەکەی هەندێک ئاستەم بوو، بەڵام ئەوەشی چارەسەر کرد و «ئومێد لەتیف و شارا کەریم» هاتنە ناو پڕۆژەکە و سەرکەوتووانە توانیان لە ٢٠٠١/٣/١٠ ئەم نمایشە بە کۆڵێک داهێنانی جوانەوە لە هۆڵی «فۆلکێت هوس» لە شاری ئۆرەبرو نمایش بکەن. جەماوەرێکی زۆر هێمن ئامادە بوون.

لە گفتوگۆیەکی کورت و خێرادا هەر کەسێک لەوان قسەی خۆیان کرد.

سەرەتا ئومێدی شێخ حسێن وەک دەرهێنەر و ئەکتەر وتی: "ئەم بەرهەمە ململانێ بوو لەگەڵ بێهودەیدا، شەڕێکی دەستەویەخە بوو بۆ داکۆکیکردن لە پیرۆزی ئەو عەشقە، دروستکردنی بەربەستێکی توندوتۆڵ بوو بۆ ئەوەی تەڵاق ڕێگای هاتنە ژوورەوەی نەبێت بۆ دروستکردنی دابڕان لەنێوان من و خۆشەویستەکەمدا کە شانۆیە.

بەرپەرچدانەوەی ئەو هەموو پروپاگەندەیە کە هەندێک لە هونەرمەندان کردوویانە بە وێردی سەر زوبانیان کە گوایا کارکردن لە هەندەران ناکرێت، دیارە ئەو بەڕێزانە دوای ئەوەی کە تووشی جیابوونەوە و تەڵاق بوون لەگەڵ شانۆکەیاندا، دەکەونە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە. ڕەنگە هەندێک هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی ئەرکی بەرهەمهێنانی کارێکی شانۆیی زەحمەت بێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کار نەکرێت و واز بهێنیت لە عەشقەکەت. من هەوڵێکی زۆرم داوە کە «تەنیایی و دابڕان و مەنفا» نەبن بە هۆکار بۆ لەباربردنی خەونەکانم.

من هەمیشە خەون بە جوانکردنی نیشتمانەوە دەبینم، ئەم بەرهەمەم لە داکۆکیکردن بە ناسنامەی نەتەوەکەم، لە کولتووری نەتەوەکەم، دواجار هەوڵێکە بۆ ناساندنی توانا و بەهرە و شانۆی نەتەوەکەم بە نەتەوەکانی تر."

هەروەها شارا کەریم وەک ئەکتەرێکی ئەم نمایشە وتی: "لە ڕاستیدا من یەکەم جارمە لە شانۆدا کار دەکەم، بەڵام وەک سروشتی خۆم هونەردۆستم و هەست دەکەم کە کەمێک بەهرەی هونەریم هەیە. هونەریشم بێ سنوور خۆش دەوێت بە تایبەتی ئەم دابڕان و غەریبییەم لە نیشتمان، ئەو خۆشەویستەی لا باڵاتر کردووم، من ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەم بوو وەک ئەکتەر و بە ڕاستی زۆری ترساندم، زۆری ماندوو کردم. بەڵام سەیر لەوەدایە لە دوای ئەو هەموو هیلاکی و ترس و دڵەڕاوکێیە تا دەهات زیاترم خۆشم دەویست و لەو ڕاستییەش گەیشتم کە شانۆ چەند گەورەیە و چەندی زەحمەت دەوێت.

من (لیدی مەکبەس) زۆر دڵخۆشی کردم، بووە سەرەتایەک بۆ نزیکبوونەوەم لە شانۆ، هەوڵیش دەدەم بەردەوامی بدەم بەم هونەرە گەورەیە، دەمەوێت بڵێم (لیدی مەکبەس) و مامۆستا ئومێد بوونە یەکەم قوتابخانە و ڕێنیشاندەرم، ئەوەندە دڵخۆشی کردم کە تامەزرۆی کاری داهاتوو بم، هیوادارم لەم کارەمدا توانیبێتم خزمەتێکی بچووکم کرد بێت بە شانۆی کوردی. سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە."

ئومێد لەتیفی ئەکتەریش وتی: "لە ڕاستیدا من ماوەی چوار ساڵ دەبێت لە کوردستان دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام بە درێژایی تەمەنی ئەم چوار ساڵەم چەندێک غوربەت و دابڕان و نامۆیی ماندووی کردووم، دوورکەوتنەوە لە شانۆکەم ئەوەندەی تر ماندووی کردووم، بەڵام خۆشبەختانە پڕۆژەی (لیدی مەکبەس) و دامەزراندنی گرووپی شانۆی (تابلۆ) لەدایکبوونەوەیەکی تری بۆ من و دووپاتکردنەوەی ئەویندارییم بوو بۆ شانۆکەم. (لیدی مەکبەس) بووە هەوێنی دامەزراندنی گرووپی شانۆی (تابلۆ)، دارشتنی پیلان بۆ کاری داهاتوومان، لە داهاتووشدا کار بۆ ئەوە دەکەین کە کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ شانۆکارانی کوردستان دابمەزرێنین بۆ هەمئاهەنگیکردن لەگەڵ یەکتری، تا پێکەوە بتوانین ڕوویەکی گەشتر و جوانتر بە شانۆ بدەین. سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، ڕێز و خۆشەویستم بۆ (لیدی مەکبەس) و مامۆستا و هاوڕێم ئومێد، بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە."

## پاشماوەی ئاخۆ کوشتنی بن لادن و تواندنەوەی ئەلقاعیدە کاری تێرۆریزم ڕیشەکێش دەکات؟

زیاتر لە سێ هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستانی باشوور بە دەستی سوپای زۆردار و داگیرکەری توررک وێران کران و زیاتر لە سێ ملیۆن کورد ئاوارەی ناو تورکیا و ئەوروپا کران! هەڵوێستی ڕۆژئاوا چی بوو جگە لە فرۆشتنی چەک و سووکەڕەخنەیەکی شەرمنانە؟

گەرچی خۆشبەختانە هەتا ئێستا کورد بەشداریی کاری تێرۆریستی نێونەتەوەیی نەکردوە، بەڵام لەبەر نەبوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە، لەو وڵاتەدا، بەشێکی زۆر لە کوردە ئاوارەکانی ناو تورکیا دەنگ بۆ پارتییە ئیسلامییەکانی تورکیا دەدەن.(٢)

دیاردەی ڕەگەزپەرستی لایەنێکی تری ئەو سیاسەتەیە. لەکاتێکدا کە پارە و سەرمایە هیچ سنوورێکیان لە بەردەمدا نەماوە، تەنانەت ئەو سەرمایانەی کە دیکتاتۆرەکان لە داهاتی میللەتەکانیان دزیوە یان ئەوانەی مافیا و داهاتی فرۆشتنی مادە سڕکەرەکان، ڕۆژهەڵات بۆ لەبیربردنەوەی تەنگژەی بێکاری، لەڕێی میدیاوە، میللەتەکەی بەرەو بیرکردنەوەی ڕەگەزپەرستی کێش کرد و خەروارێک سنووری ڕق و کینەی لەنێوانی ڕۆژئاوایی و نارۆژئاوایدا دروست کرد. هەموو ڕۆژێک دانیشتووانە بیانییەکانی ئەوروپا نەفرەت و ڕق لە چاوی بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەدا دەخوێننەوە. تەنانەت ئینگلتەرا کە لە ڕابوردوودا زیاتر ڕێزی یاسا و مرۆڤی دەگرت، ئێستا ژمارەیەک لە میدیای ئەو وڵاتەش بەبێ پەردە هانی ڕەگەزپەرستی دەدەن.

دیارە بە نزم سەیرکردنی لاوانی بیانی و بە بنەچە بیانی(٣) دانیشتووی ئەو وڵاتانە، کە بەشێکیان لە ژیانی خۆیان یان کەسوکاریان لە بەرهەمهێناندا لە ڕۆژئاوادا بەسەربردوە و مامەڵەکردنیان بەو شێوەیە ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەر کە بۆیان بلوێت خۆیان لەو ڕێکخراوە توندڕەوانە نزیک بکەنەوە. چونکە دەبینن کە ئەوروپایی و ئەمریکایی چۆن دێنە ناو وڵاتەکانیان و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن. بە کوردییەکەی وڵاتی خۆیان هی خۆیانە و وڵاتانی تریش هەر بە هی خۆیان دەزانن!

دیاردەی زۆر هەن کە دەبنە هۆکاری کارەساتی لەو جۆرە و هەتا ئەو دیاردانەش بمێنن کارەساتی لەو شێوەیە و ڕەنگە بڵێم گەورەتریش دروست دەبن.

دەڵێن کە هەموو شتێک لە تەنکیدا دەپچڕێت، بەڵام زۆرداری لە ئەستووریدا!. دیارە کە ئەمڕۆ ناعەدالەت گەیشتووەتە کەهکەشانی فەلەک بۆیەکە ڕێکخراوێکی، دوێنێ نەناسراوی، وەکوو "القاعدە" دەتوانێت خەڵکی نەک تەنها نەزان بەڵکو کەسانی شارەزا و زیرەک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

بێگومان بۆیە بەبێ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی عادیلانە ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا بشتوانن بن لادن و ڕێکخراوەکەشی لەناو بەرن، شتی تری ڕەنگە توندڕەوانەتر دروست ببن. تێرۆریستەکانی ساڵانی حەفتا هێورتر بوون. جا ئەگەر ئەم سیاسەتە وەکوو خۆی بەردەوام بێت ڕەنگە بن لادنیش بیست ساڵێکی تر بە هێورتر بزانرێت.

بۆیە دەبێت ڕۆژئاوا، تەنانەت لە تۆڵەسەندنەوەشیدا لە بن لادن و کۆمەڵەکەی، هۆشیارانە بیر بکاتەوە و سەرکێشانە ڕەش و سپی تێکەڵ نەکات. چونکە ئەمڕۆ کە ئەمریکا سەرمایەی سۆز و پشتگیریی خەڵکی، لەم نەهامەتییەدا، لەگەڵدایە، دەپوکێتەوە ئەگەر، ئەویش لەو تۆڵەسەندنەوەیەیدا لە بن لادن، هەزاران بێتاوان بکوژێت.



**لە گۆڤاری "گوڵان"ەوە وەرگیراوە**

(١) دەڵێن گوایا هەیاسی خاس بۆ ئەوەی کە نەهێڵێت بۆ ماوەی ساڵێک گیسکێک هیچ لە قورسایی بگۆڕێت هەموو ڕۆژێک پاش ئەوەی کە خواردنی دەدا بە گیسکەکە گورگێکی پیشان دەدا.

(٢) هەتا ئێستا چەند پارتییەکی باشووری کوردستان بە بیانووی بێ سەروبەر قەدەغەکراون.

(٣) ئەنتۆنیۆ کە گۆرانیبێژێکی فلامێنکۆی ناسراوی ئیسپانیایە، بە ترانزیت، لە سەفەردا لە مەکسیکەوە بۆ ئیتالیا، لە یەکێک لە فڕۆکەخانەکانی ئەمریکا، مامەڵەیەکی هێندە توندی لەگەڵدا کرا، تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەسمەرە، کە گەڕایەوە ئیسپانیا کۆنفرانسێکی پرێسی کرد و جگە لەوەی کە ڕایگەیاند کە شکات لە حکوومەتی ئەمریکا دەکات وتیشی: "ئەو ئالایەی کە بە ئەستێرە نەخشراوە، من قنگمی پێ دەسڕم."

٢٠٠١/١٠/٢٠

به ناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە

لە کانگای دڵەوە سوپاسی بێ پایانمان بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە ڕادەگەیەنین کە لە پرسەی خوالێخۆشبووی دایکمان «حاجی ئەختەری حاجی مەلا محەمەد» کە لە (کوردستان ـ سلێمانی) یاخود (ئەڵمانیا ـ مانهایم)، بەشدارییان کردین.
هەروەها تێکڕای ئەو خوشک و برایانەی کە بە نامە، تەلەفۆن، فاکس و ئیمێڵ هاوسۆزییان نواند.
کردگاری مەزن پارێزگارتان بێت و لە ناخۆشی بە دوور بن.

لەجیاتی بنەماڵەی ئەندازیار
کەمال عەبدوڵڵا محێدین